www.kurdistannet.org
23-5-2003 14:06



# جەنگ

نەریمان مۆریاسی

دەنگی دەرگای هەورەبانەکەمان دەهات منیش نەمدەوێرا بچم پێوەی بدەم قادرمەکان زۆر دوورو درێژو بەرز بوون، نەمدەتوانی بگەڕێمەوە لەوێوە چاوم لێبوو سەریان دەخست بەملاو ئەولاداو بەناو تاریکییەکەدا بە هێمنیو بێئەوەی دەنگیان لێوە بێت لقی درەختی بەرپەنجەرەکانیان لادەدا، خانووەکان کارتۆنێکی تەڕبوون، لەگەڵ یەکەم گرمەدا هەپرون بەهەپرون دەبوون، ئەو بەردە سپییانە هاڕەیان دەکرد، نەنکم دەیوت ( (مانگ گیراوە) ) . ئەوان هەر دەڕۆیشتن لەسەر لەپی دەستو جارجار لەسەر ئەژنۆ سینگیان بەسەر شەقامە تەڕەکەی دوا نیوەشەوەنێکدا دەخشاند منداڵیش نەبوون، سەگەکان بە نووزە نووز دەهاتن لەولای منەوە شانیان دادەدا، چاوەڕێ دەبوون تا دەچوومە ئاودەست خانەکەوە، زۆری نەدەبرد پتر لە پەنجا سەگ لەژێر ئەو دوو لەوحەی کرابوون بە ئاودەستخانە کۆدەبوونەوەو من زمانی ئەوانم دەبینی پیساییەکەی ژێر منیان دەخواردو خۆڵەکەشیان دەلێستەوە دەستو دەمیشیان نەدشت، چونکە دوێنێ شەو گوللەیەکی نەناس بەر تانکی حەوشەکەیان کەوتبوو تا نزیکی نیوەڕۆی رۆژی دواتر ئاوی لێڕۆیشتبوو، گوللە سوورەکان هێلکە بوون کە دەیاندا بە دیوارەکاندا تۆپەڵێ سوورێنەی بۆگەنیان پێوە جێ دەهێشتنو سالآنێکی زۆرە هەر پێوەیان ماوە، کەناسەکانیش هەریەکەو جۆرە تفەنگێکیان هەڵگرتبوو شەقامو گەڕەکەکانیان پاك دەکردەوە، کۆمەڵێکیان نزیکەی هەفتەیەك بوو بە مەنهۆڵی زێرابەکاندا چووبوونە خوارەوە بۆ پاك کردنەوەیان، ئەوانە نەگەڕابوونەوە، ناشگە ڕێنەوە وەك دوێنێ وەك ڕیشۆڵەکانی ئێوارانی جارانو دوو کوکوختییەکەی سەربانی ئێمەو وەك هەموو ئەو پەلەوەرانەی بەسەر شارەکەدا فڕی بوون یان گوڵەکانی باخچەکەی نەنکم (*) و دەمیان بەخوڕەی ئەو خوێنە مەییو بووانەوە دەناکە لە مانگ و ئەستێرەکانەوە دەچۆڕانو لەوشەوە درەنگەدا نەرمۆڵە ببون شەونم بوون شەونم بەسەر بەردە کون بووەکانەوە کۆترو کوکوختی وقازە کێوییەکان بێگوناهو بێ ئاگابەر گوللەی پیرۆزی خەڵکی شارەکە کەوتبوون ئەوان بێئاگابوون لە مانگ گیران بێ ئاگا وەك ئەو دیوارە شۆخوشەنگانەی قەراخی باخچەی شار وەك گلۆپە نیۆنەکانی سەرشەقامە پڕسۆزەکان یا خود پەنجەرە بالآ بەرزەکانی تەلارەکانی ناوەڕاستی شارو ئێوارە بەلەنجەو لارەکانی لێواری گەنجێتی بێ ئاگابوون وەك ئەو کۆرپە ساوایانەی بێشکەکانیان لە بیر کرابوو، دۆزەخو گوناهو پاکێتییان نەدەزانی، لەسەفەری گەرمیانو کوێستان گەڕابوونەوە، جەستەکانیان بەبێ ناز لەسەر شەقامەکان مابوونەوە خەڵتانی گازو نەوتی باریو بوو بوون.

ئێسكو پروسكو کەللە سەرەکانیانو دەفتەری یادگارەکانیان رەنگی شەقامەکەیان وا گۆڕی بوو، مەرمەڕی شۆستەکانیان شاردبۆوە هێندە جوان بوو شارەوانیش دڵی نەدەهات گسکێکیان لێ بدات، گوڵەکانی باخچە گشتییەکەی شار لەبەر دەنگی ( (ئیش. بی. جی. نابن) ) داوەشابوون خۆیان بەپێوە نەدەگرتو ببونە پیرەژنی لەرو لاواز، بێ ئاگا وەك بەیانییە دوورەکانی تەمەن بەچاوی ڕیپۆقاوییەوە دەچووین زەردەواڵەکانمان دەفلیقانەوەو پەپوولەکانیشمان دەخستە نایلۆنە ناسکۆڵەکانەوە جاری واهەبوو زەردەواڵەیەکیان بە یەکێکمانییەوە دەداو هەتا ماڵەوە ئەو دەگریاو ئێمەش بە پێکەنینەوە دوای دەکەوتینو دەمانایەوە دەستی دایکیو هەر بەرچاوی ئێمەوە تێرو پڕی دەکوتاو داخی رۆژانی بەسەرچووی خۆی پێ دەردەکرد، شوێنی چزووی زەردەواڵەکە دەبووە دومەڵێ قاوەیی زۆرجار دەبووە بیرۆ، ئەو دوومەڵانە بەم

www.kurdistannet.org
23-5-2003 14:06



مانگە گیراوەی ئەمشەوە دەچوون تا ئەو کاتەشی گوللەی ( (ئارِ. بی. جی) ) یەکانو گوللە دۆشکەکان رووەو مانگ دەهاویژران من نەمدەزانی مانگ گیراوە، دەنگی تەپڵو دەفەکان خۆش بوون کاتێك لەگەڵ سەلاواتەکاندا تێکەڵ دەبوون، بەڵام مانگ بەرنەدەبوو، دڵی مرۆڤی نەرم دەکرد بەڵام دیار بوو دڵی شەیتانی پیَ نەرم نەدەکرا تا بە قسەیان بکاتو دەست لەپرچو مەمکی مانگە شۆخو شەنگەکە بکاتەوە، سەلاواتێك دووان، دەفێك سەد دەف، (ئارِ. بی. جی) یەك پەنجا (ئارِ. بی. جی) ، سەد دەسرێژی دۆشکە تا هەزار، وەشاندنی خەنجەرێك تا پەنجا خەنجەر، سەربڕینی منداڵێك بگرە حەفتا منداڵ، دڕینی سکی سی پیاوو چاك نەکردنەوەیانو وەشاندنی کەلە بە دیوارەکاندا مانگ بەرنەدەبوو، بەرنەدەبوو هەر گوێشی لێی نەبوو، من ئەو شەوەخۆم بینیم پیاوە نوورانییەکە خەنجەرەکەی لە ناو دڵی چەقاند بوو خۆی دەکێشا بە دیوارەکەدا بۆ ئەوەی پتر بچێتە ژوورەوە، بەرنەدەبوو، پیاوەکە دەیوت: ( ( مانگەکە ترساوە تۆقیوە) ) شمشێرێکی لەخۆیدا، شمشێر دەرنەدەهاتەوە مەسەلەکە بوو بە جیدی، حەفتاوپێنج گەنجی زرتە زەلام دەستیان دابووە دەسکی شمشێری ناوسکی پیاوەکە دەرنەدەهات ئەویش بەرنەدەبوو، بەبەردەوامی دەنگی تەقەدەهات، گەنجەکان کاتێك دەچوون بۆ ژوانی دۆستەکانیان هەشت مەخزەنو دەمانچەیەکی لامەوچوار نارنجۆکیان دەبەستو کلاشینکۆفێکی یەك لاقیان دەکردەشانیان، ئەمشەو من ئەو پاش نیوەڕۆ گەرمەم بیر دەکەوتەوە لەگەڵ باوکمدا چوو بووم تافیری تەقاندنی دەمانچەم بکات، دەسکی دەمانچەکە لەو دڕکانە دەچووکە قەراغی جادە چۆڵەکەیان تەنیبوو، ئەوپاش نیوەڕۆیەم بیر کەوتەوە باوکم بەلوولەی ئەو دەمانچە دەسك تەختەیەی هەموو فیشەکەکانی ناوی لەڕقا تەقاند بوو منی داخ کرد، بەدەم ڕێگەکەوە پیاوێکی پیر باسی بەرزبوونەوەی دارەکانی دەکرد چۆن گەلاو لقە وشکەکانیان بەدوای خۆیاندا رزگار کردووە، دوو دوو بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتن جلەکانی بەریان داکەندبوو شریتە فیشەکی جۆراو جۆریان لەخۆیانەوە پێچابوو، نقەیان لە خۆیان بڕی بوو تەماشای ئەملاوو ئەولاشیان نەدەکرد، جار ناجارێ دەسرێژیان لە دواوەش دەکرد، کۆمەڵێ جامانە بەسەر بەدەفو بەیداخەوە هاتن شمشێرەکانیان هەڵدەسوڕاند (ئارِ. بی. جی) کارێکی پێکردن تا دووسەعات ئاسمان لە ئەرد جیا نەدەکرایەوەو درەختەکانیشیان بریندار کرد. کەسیان نەبوون گوللەیەکیان پێوە نەبێت بالابەرزیو ناسکۆڵییەکەی جارانیان نەمابوو، سپێدەکان لەبەر ئاهو ناڵینی درەختەکان گوێم لەخوێندنی کوکوختییەکان نەدەبوو، ئەو گوللە کەس نەناسانە بێ باکانەو بێ ترسانە یادگارو ئاسەواری خۆیان تەنانەت بەسەر خانووی جالجالۆکەکانیشەوە جێدەهێشت، کاتێك سەربانەکان دەتەپینو تەنافەکانیان شۆڕ دەکردەوە جلەکان دەکەوتنە سەر ئەردەکە گوللەکان دەموچاوی دیوارەکانیان دەشێواند ئاسمان ئەستێرەی پێوە نەما، سەگێکم بینی لە شەش لاوە گوللە جەستەی کون کردبوو، نازانم چەندە هەر گوێم لەدەنگی تەقەیەو توند گوێچکەم گرتووە، لەم ژێر زەمینە بێدەنگو چۆڵەدا تەنیا ئافرەتێکی نەناسم لەگەڵ دایە کەلەبەر گوللە هاوەنەکان نەیتوانی بوو بگاتەوە ماڵی خۆیان لای دابووە ژێر زەمینەکە ئەویش دەترسا جوانیش بوو، لەتەواوی بیست خانووی گەڕەکەکەمان تەنیا ئەو ژێر زەمینە بەپێوە مابوو، لە (١٥٠) منداڵە چەتوونەکانیش منداڵێك بە پێوە نەمابۆوە پیاوە نوورانییەکە هەموویانی سەربڕی بوو، بۆشی چاك نەکرابوونەوە. دەشیوەت ئەمجارە مانگ بە زنجیر گیراوەو خراپ بەستراوەتەوە بۆیە بۆی بەرنادرێت گوایە تا ئەو کاتە جەنابی (١٩٠) جار مانگی بەرداوەو یەك دوو سێ جاریش خۆری بەرداوە لەدەستی جنۆکە، پیاوو گەنجەکانیش بەسنگە خشکێ دەڕۆیشتن بۆ کوێ دەچوون؟ بەبێ پێکەنین بەناو دیوارو شووشەو دەرگاو پەنجەرەی داخراوو کراوەدا تەقە دەکەن، گوللەکان تانکی حەو شەو سینیە دۆشاوەکەی دایکمو شووشەی پەنجەرەکەی من دەپێکن، هەردووکمان دەترساین پەنجەمان لە پەنجەی یەك

www.kurdistannet.org
23-5-2003 14:06



ئالاَنبوو لەو ژێر زەمینەدا بۆ ساتێك گوێمان لە دەنگی گوللە نەبوو. گوللەکان دەهاتن بە یادگارییە شیرینەکانمکاندا دەچزان بە دیوارو گەلاَکاندا دەچزان، ئەو لە دەرگەی ژوورەکەی دەدا، کەس نەبوو لێی بکاتەوە کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە پیاوێك دێڵە سەگێکی بردبووە ژێر زەمینی ئەو بالاَخانەیەی کە تائەو کات ئاگر لە نهۆمەکانی سەرەوەی هەڵدەستا، کەسێك بە چنگێکی خوێناوییەوە لە دەرگاکەی دەدا بە ئەسپایی پەنجەی دەخستە سەر پەلەپیتکەو سنگی دەخشاند، عەلاگەوکاغەزە کۆنی سەر ڕێگەکان دەهاتنە بەرسنگی خۆیان کووڕ دەکردو لەسەر ئەژنۆ دەڕۆیشتن، هەموو چرکەیەك جارێك هاوەنێك شەقامەکەی بەردەممانی دەپێکا، ئافرەتەکەش خۆی رووت دەکردەوە منی دەبزواند، دەنگێکی دوورهات بەردی قەلاَکانی لەبەریەك هەڵدەوەشاند ئێمە لەگەڵ سەرە مێکوتەکاندا مەلەمان دەکرد لە حەوزی بیناکەی ئەوبەرمانەوە بەدزی دایكو باوکمانەوە مەلەمان دەکرد دوومەڵمان دەردەکرد سەگو پشیلەو جاشولکەمان بۆ یەکدی دەخستە ناو ئاوەکەوە نیوەڕۆیان دەچووینە سەرماڵە دراوسێکان و لە کونی دەرگاو پەنجەرەکانیانەوە سەیری ناو ژوورەکانمان دەکرد پیاوەکە ژنەکەی خۆی ماچ دەکرد ئێمە لێمان دەکرد بەهەرا، ئەویش دەترسا، لەو شارە چۆڵەدا پیاوێك خۆی رووت کرد بۆوە پارچە گۆشتێکی بەسەگێك دەدا، ئەو مەتەرێزانەی لەسەر کورسی باخچەکان دروست کرابوون، ماوەی سێ هەفتە بوو بەرگرییان تیادا دەکرا، لە ئێوارەیەکی هەفتەی چوارەمداو پاش بەرگرییەکی بێ وێنەو بۆردوومانێکی خەست ئەوانیش پاك کرانەوە، کاتێك خەڵکەکە چوونە سەر یان مەتەرێزەکان کەسیان تیادا نەبوو تەنیا قەوانە گوللەیان تیادا بوو، کەللە سەرەکان لەسەر شۆستەکە بوون، تاشەوێکی درەنگ جەستە بێ سەرەکان هەڵدەبەزینەوەو دەخولانەوەو پیاسەیان دەکردو دەچوونەوە بۆ گەڕەکە کۆنەکانیانو لەناو قوڕو لیتەی بەردەرگای ماڵە کۆنەکانیاندا خۆیان هەڵدەسووی خۆیان دەکێشا بەدەرگای خانووەکانی جارانیان کەسێك لەوێ نەبوو دەرگایان لێ بکاتەوە خۆیان دەکێشا بەو بەردە بێ گەردانەی سالاَنێ بوو لەسکی قەلاَکەدا جێگیربوو بوون، لەبەر قەلو داڵ ئۆتۆمبیلەکان نەیان دەتوانی بەسەر شەقامەکاندا هاتووچۆ بکەن منیش نەمتوانی بچم بۆ دەوام قەلو داڵەکان چاوێك گەرشینو قاوەیی نەبووایە نەیان دەخواردو زۆر خۆیان بەچاوی کەللە سەرکانی دیکەوە خەریك نەدەکرد بە نینۆکە تیژەکانیان کەللە سەرەکانیان دەگرتو بەدەنووك چاوە شیلاوییە خۆشەکەیان دەردەهێناو نۆشیان دەکرد داڵەکەر خۆرەکانیش چیدی خۆیان بەخواردنی گۆشتی کەرەوە خەریك نەدەکرد دەیانوت ( (خواردنی گۆشتی کەر گێژمان دەکات) ) دەهاتن بۆ سەر پشتی باخچە گشتییەکەی لای ماڵی ئێمە دەهاتن چاووی شیلاوی رەنگاو ڕەنگیان دەخوارد، باوکم بەناو مندالاَنی گەڕەکەکەماندا منی ڕاوناو لەکۆلاَنی خۆمان زۆر دوور کەوتینەوە، جارجار دەوەستاینو لەژێر چاوەوە سەیری یەکدیمان دەکرد ودەستمان بەراکردن دەکردەوە کاتێك بەلای مزگەوتی خانەقادا تێ دەپەڕین مەلاکە بانگی دەدا، ئاوازی دەفو دەنگی سەلاَوات هێندە خۆش بوو من حەزم دەکرد مانگ هەر بەرنەبێت، بەلاَم کاتێك دەنگی (ئاڕ. بی. جی) یەکان هێمنی شەوگارەکەیان تێك دا، پاش ئەوەی تەپڵودەفەکان مانگەکەیان بۆ بەرنەدرا گەللەی کلاَشینکۆفو هاوەنو (ئاڕ. بی. جی) یەکان هاتنە دەست، لەهەموو جێگەیەك تەقەبوو دەنگی هاوەنەکان دەبیستران، ماوەی سێ سەعاتە هاوەنەکان بیناکەی ئەو بەرمان دەکوتن (بی. کەی. سی) یەکەی نهۆمی چوارەم بەجۆرێك تەقەی دەکرد مێرولەکانیشی دەپێکا نەنکم لەحەوشەکەدا دانیشتبوو پەنجەکانی شەیتانی دەژمارد، دوکانو بازارەکان داخرابوون، عارەبانەکان سەر ئاوێکی قاوەیی کەوتبوون، خانووەکانمان هەر لەوێن جەستەی ئەوانیش کوناودەر بوون و بێ گیانن، ئەو کونە زلەی هاوەنەکەی هەفتەی رابردوو کردوویەتە ژوورەکەی سەروەمان ئێستە پشیلەکان زاووزێی تێدا

www.kurdistannet.org
23-5-2003 14:06



دەکەنو سەگەکان تیایدا لەیەك دەپەڕن، جارناجارێکیشی دوو مێرد منداڵی سەر ڕووتیان تیا دەگرم تۆزاوییو ترساو کەسی نازانێت دایکیان لە کوێیەو باوکیان لەبن چ بەردێکدا تفەنگو جامانەکانیان جێماونو پێڵاوەکانیان بۆ کوێ پەڕیون، گوڵلەکان دێن سپێدەو ئێوارە پەمەییەکانو نیوەڕۆ هێمنەکانو شەوگارە فێنكو ساردەکان دەکەنە ترسێکی ناسکۆڵە کوکوختیەکان مردار بونەتەوە، باوکم دەموچاوی کەفاوی بوو هیچی لەبەردا نەبوو هاتە دەرەوەو بەو کۆڵانانەدا منی ڕاودەنا قاپەکانمان پڕ لە فیشەك دەبوو، کەوچکەکانمان پارچە قەوانی گوڵلە هاوەن بوون ئەوانەی پارساڵ بەدرێژایی یەك هەفتە بەپشتی ماڵی ئێمەوە دەچزان، کاتێك چووم بۆ ژوانی ئەوکچەی یەك دووجار بۆم پێکەنی بوو خۆم ڕازاندەوەو دوونارنجۆكو حەربەیەکم لەخۆم دابوو لاقی کلاشینکۆفە موزەللیەکەم کردبووە حەوا چوومە بەر دەرگایان بەتفەنگەکەم تەپڵم بۆ لێدەدا فیشەکی گڕدارم بۆ خستەسەر تا تێ بگات منم، تفەنگەکەم بەدەستەوە بادەداو، گوڵلە سوورەکان بە ئاسماندا سەمایەکی خۆشەویستیان دەنواند، گوڵلەکانم دەهێناو دەبرد، کەس وەڵامی نەدامەوە، ئاوازی (مۆنۆمۆ) گۆرانییەکانی (فەیرۆز) بەتەقەی تفەنگەکەم دەرمە هێنان، کچی چییو شتی چی دووپشیلە بە ترسو سەربادانەوە هاتنە دەرەوە ئەوانیش فێری ترس بوو بوون، لاشە سەربڕاوەکانی دوێنێ کەلەوێ خۆیان شارد بۆوە دەهاتنە دەرەوە، لەناکاو دوونارنجۆکیان تێ گرتم دەسرێژێکی (بی. کەی. سی) بە دوایاندا هات خۆم دایە پاڵ ئەو کەنتۆرە کتێبەی لە ماڵێك لە ماڵەکانی گەڕەکەکەوە هێنرا بووە دەرەوەو، بۆیان نەبرابوو، ( (ئارِ. بی جی) ) یەکیان لێدام کتێبخانەکە بوو بە دەهەزار لاپەرەوە، ملیۆنێك وشە بەو ناوەدا پەرشو بلاو بوونەوە، گیزە گیزیان لێوە دەهات، ئەوجا دۆشکەی سەربانەکەی ئەو بەرمانو وروژایەوە کە ماوەی سێ سەعات بوو بێدەنگ بوو، تەواوی ئەو کۆڵانەو سەرجادەکەی ئەو دیویشی دەبێژا، شارەکەش چۆڵ بوو ئەو هەر تەقەی دەکرد، پیاوە نوورانییەکە پاش دەرنە هاتنەوەی شمشێرو خەنجەرەکانی ناوسكو ڕیخۆڵە دڵی مرد هەر تەقەی دەکرد، منداڵو گەنجە نەگبەتەکانی شارەکەی بەخەنجەرەکەی سەر بڕی هەر تەقە بوو، کووڕ کووڕ بە ئەسپایی دەڕۆیشتن قسەیان نەدەکرد گەر لەسەر ڕێگە یەکدییان ببینیایە دوو فیشەکیان دەگرتە یەکدی گەر زۆر یەکدییان خۆش بویستیایە، (ئارِ. بی. جی) یان بەیەکدییەوە دەنا.

کانوونی دووەمی ١٩٩٨

هەولێر